# فێرکردن و بارهێنان لە ژێر ڕکێفی ئایینی سیاسیدا

**بیریار ژاوەرۆیی**

”

هەموو حکوومەتەکان لە پێناو ڕاپەڕاندنی سیاسەتە کۆمەڵایەتی و چاندییەکانی خۆیاندا تیشک دەخەنە سەر سیستەمی «فێرکردن و بارهێنان» و وەک بناغەی بارهێنانی تاکی داهاتوو سەیری دەکەن. لەو پەیوەندییەدا، لە حکوومەتە ئایینییەکاندا هەوڵ دەدرێت ئەم سیاسەتە ڕەنگی ئایینیی هەبێت و بە ناوی ئایینەوە کار دەکرێت. بۆیە سیستەمی سیاسیی حکوومەتی ئایینیش، بارهێنانی تاکی کۆمەڵگا دەکاتە ئامانجی ئایینی سیاسی.

“

فێرکـــردن و بارهێنانی تـــاک، له‌ گرنگترینی ئـــه‌و هۆکارانه‌ن کـــه‌ له‌ جیهانـــی مۆدێرندا ره‌نگه‌ له‌ســـه‌ر هه‌مـــوو بواره‌کانـــی کۆمه‌ڵگا و ژیانـــی کۆمه‌لایه‌تی کاریگه‌رییـــان هه‌یه‌؛ بۆیـــه‌ بۆ ده‌وڵه‌ت و حکوومه‌تـــه‌کان گرنگیی تایبه‌تی هه‌بووه‌. له‌و په‌یوه‌ندییه‌دا له‌ ڕوانگه‌ی ئاڵتۆســـێره‌وه‌ دوو مێکانیزمـــی گرنگ، وا له‌ خه‌ڵکی ده‌کات که‌ به‌پێی یاساکانی ده‌وڵه‌تی په‌یوه‌ندیداریان هه‌ڵسوکه‌وت بکه‌ن. یه‌که‌م، له‌ ڕێگای دامووده‌زگاکانی سه‌رکوتی ده‌وڵه‌تییه‌وه‌ وه‌ک پۆلیس، به‌ندیخانه‌ و دادگا که‌ ڕاسته‌وخۆ به‌ زۆر خه‌ڵکی ڕاده‌هێنن و وایان لێ ده‌که‌ن که‌ به‌ جۆرێکی تایبه‌ت هه‌ڵســـوکه‌وت بکه‌ن. دووه‌م، له‌ ڕێگای دامووده‌زگا ئایدۆلۆجیکه‌کانی ده‌وڵه‌تـــه‌وه‌، واتـــه‌ ئـــه‌و دامه‌زراوانـــه‌ی که‌ ئایدۆلۆجیـــای ده‌وڵـــه‌ت به‌کارده‌هێنن تاکوو تاک و گرووپه‌کان، ئه‌وانه‌ له‌ خۆیاندا ده‌روونی بکـــه‌ن و به‌پێـــی ئه‌وانه‌ بجووڵێنـــه‌وه‌ له‌وانه‌ بنه‌ماڵه‌، ئایینه‌کان، خوێندنگه‌کان، سیسته‌می یاســـایی، سیاســـه‌ت، هونه‌ر، وه‌رزش و هتد. گه‌رچی ئه‌و بیردۆزه‌ی ئاڵتۆسێر له‌ به‌ستێنێکی تردا و له‌ ڕوانگه‌ی مارکسیســـتییه‌وه‌یه‌، به‌ڵام لێـــره‌دا ده‌کـــرێ که‌ڵکی لـــێ وه‌رگیرێت. له‌ په‌یوه‌نـــدی له‌گه‌ڵ مێکانیزمـــی دووه‌مدا ئه‌م وتاره‌ ئاوڕێک ده‌داته‌وه‌ سه‌ر په‌یوه‌ندیی نێوان «ئایینی سیاسی» و «فێرکردن و بارهێنان» له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستاندا.

دیاره‌ هه‌مـــوو ده‌وڵه‌تـــه‌کان به‌ جۆرێک هه‌وڵ ده‌ده‌ن بۆ به‌کۆمه‌ڵگاییکردنی سیاسیی خه‌ڵـــک و لـــه‌و ئاراســـته‌یه‌دا سیســـته‌می «فێرکـــردن و بارهێنـــان» و ڕاگه‌یه‌نه‌کان له‌ گرینگترین ئامرازه‌کانن. هه‌موو حکوومه‌ته‌کان له‌ پێناو ڕاپه‌ڕاندنی سیاســـه‌ته‌ کۆمه‌لایه‌تی و چاندییه‌کانی خۆیاندا تیشـــک ده‌خه‌نه‌ سه‌ر سیســـته‌می «فێرکـــردن و بارهێنان» و وه‌ک بناغـــه‌ی بارهێنانی تاکی داهاتوو ســـه‌یری ده‌که‌ن. لـــه‌و په‌یوه‌ندییه‌دا، لـــه‌ حکوومه‌ته‌ ئایینییه‌کاندا هه‌وڵ ده‌درێت ئه‌م سیاســـه‌ته‌ ڕه‌نگی ئایینیی هه‌بێت و به‌ ناوی ئایینه‌وه‌ کار ده‌کرێت. بۆیه‌ سیسته‌می سیاسیی حکوومه‌تی ئایینیـــش، بارهێنانی تاکـــی کۆمه‌ڵگا ده‌کاته‌ ئامانجی ئایینی سیاســـی. لێره‌دا مه‌به‌ست له‌ ئایینی سیاســـی، ئه‌و ئایینه‌یه‌ که‌ حکوومه‌ت ده‌یـــکات به‌ ئایدۆلۆجیای سیاســـیی خۆی و وه‌ک ئامرازێک به‌کاری ده‌هێنێت و به‌ هۆی ئه‌وه‌وه‌ ده‌ســـت لـــه‌ هه‌مـــوو بواره‌کانی ژیان وه‌رده‌دات. ئـــه‌م جۆره‌ ئایینـــه‌ له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستاندا پاش شۆڕشی ١٩٧٩ کاریگه‌ریی زۆری له‌ســـه‌ر بارهێنانی تاک هه‌بووه‌ و له‌وه‌ بـــۆ ڕاپه‌ڕاندنی سیاســـه‌تی ئێتنۆ-نه‌ته‌وه‌یی، چاندی، جینده‌ری و. . . له‌لایه‌ن حکوومه‌ته‌وه‌ که‌ڵک وه‌رگیراوه‌.

لـــه‌ په‌یوه‌نـــدی له‌گـــه‌ڵ فێرکـــردن و بارهێناندا، سیاســـه‌تی ڕژێمی ئایینیی ئێران تیشکی خستووه‌ته‌ سه‌ر ئه‌و زانستانه‌ی که‌ بۆ مانه‌وه‌ی ڕژێم و ئایدۆلۆجیاکه‌ی مه‌ترســـیدار نه‌بن، واته‌ زانستی ئایینی و زانسته‌ په‌تییه‌کان، گـــه‌ر خاوه‌نه‌کانیان له‌ بازنـــه‌ی ئایدۆلۆجیای حکوومه‌ت تێنه‌پـــه‌ڕن. ئه‌و ڕژێمه‌ به‌ ته‌واوی هه‌وڵی داوه‌ که‌ بازنه‌ی بیرکردنه‌وه‌ی قوتابی و خوێندکاره‌کان به‌رته‌سک بکاته‌وه‌ و نه‌هێڵێت به‌ره‌و بیری جیاواز ڕابکێشـــرێن. ته‌نانه‌ت له‌ نێوان زانســـته‌ په‌تییه‌کانیشـــدا ئایدۆلۆجیای ئایینیی حکوومه‌ت به‌پێی بنه‌مایه‌کی ئایینی، له‌ په‌نای زانســـتی ئایینیدا ته‌نیا گرنگایه‌تیی تایبه‌تـــی به‌ یه‌ک زانســـت داوه‌؛ واته‌ یه‌که‌م زانسته‌ ئایینییه‌کان و دووه‌م زانستی پزیشکی. لـــه‌ ڕوانگه‌ی زانا ئایینییه‌کانه‌وه‌ زانســـت ئه‌و دوو جۆره‌یه‌ (العلم علمان: علم الأديان وعلم الأبدان).

به‌پێی ئه‌م بنه‌مایه‌ ڕژێم زیاتر له‌ بواره‌کانی تر تیشـــکی خسته‌ سه‌ر دوو بواربۆ بارهێنانی تاکی دڵخوازی خۆی که‌ له‌ هه‌ردووکیاندا ئایین وه‌ک ڕێخۆشکه‌ر و پاســـاوده‌ر به‌کارهێنراوه‌؛ یه‌که‌م به‌ گشـــتی سیســـته‌می فێرکردن و بارهێنانی فه‌رمی له‌ ڕێگای خوێندنگه‌کان به‌

مامۆستا و قوتابییەکانەوە و دووەم سیستەمی فێرکردن و بارهێنانی نافەرمی لە ڕێگای ناوەندە ئایینییەکان بە مەلا و ئاییندارەکانەوە. لە پەیوەندی لەگەڵ بواری یەکەمدا، دیارە لە سەرتانسەری وڵاتداوێرای بە ئایینیکردن و دەرهێنانی لە سیستەمێکی زانستیی، سیستەمی ‹فێرکردن و بارهێنان› بە تەواوی لەلایەن نەتەوەی باڵادەست و پاوانخوازی فارسەوە بە ناوی ئایینەوە قۆرخ کراوە و دەرەتانێک بۆ نەتەوەکانی تر نەماوەتەوە و ئەو سووکە ئاماژەش کە لە یاسای بنەڕەتیدا بە مافی نەتەوەکان لە باری زمانەوە کرابوو، جێبەجێ نەکراوە. حکوومەتی فارس بە ڕواڵەتی ئایینییەوە سیاسەتی یەکدەست کردنی نەتەوەییی خۆی و تواندەوەی نەتەوەکانی ترلە ڕێگای سیستەمی فێرکردن و بارهێنانەوە وەک ساکارترین ڕێگا بە توندی جێبەجێ دەکات. بۆیە لە کوردستانیشدا ئازادیی خوێندن و بارهاتن لە بەستێنێکی ئازاد و بە چاند و زمانی کوردییەوە نییە.

لە کوردستاندا ڕژێم هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە کە لە خوێندنگەکاندا کە فێرکردن و بارهێنان هەمووی هەر بە فارسی بووە، لە باری بیر و هزریشەوە، قوتابی بە بیر و هزری ئێرانچێتی و ئایدۆلۆجیای ئایینییەوە باربهێنرێت. بۆ ئەو مەبەستەش لە هەستی ئایینی کەڵک وەرگیراوە. هەوڵ دراوە ئەو هەستە بەهێز و پەتوتر بکەن و لە کۆتاییدا بە قازانجی خۆیان بیشکێننەوە و حکوومەتی ئیسلامیی ئێران وەک نوێنەری هزری ئایینیی ڕاستەقینە بە قوتابییەکان بناسێنن و ڕێگەیان پێ نەدرێت بیر لە بیرۆکە و هزری جیاواز بکەنەوە. لە جێی پەرەپێدانی لایەنی زانستی، زیاتر تیشک خراوەتە سەر لایەنی ئایدۆلۆجیای ڕژێم. لە ڕێگای ناوەندەکانی بارهێنانی مامۆستای حکوومەتی و بەرگیری لە مامۆستایانی ڕووناکبیر و ئاگا، هەوڵ دراوە مێشکی قوتابی بشۆردرێتەوە. لەو سووکە ئاورەش کە لە زانست و فێرکردنی زانست دراوەتەوە، هەوڵیان داوە قوتابی تەنیا سەرنجی زانستی پەتی بدات و نائاگا بمێنێتەوە و بیر لە سیاسەت و مافەکانی خۆی وەک مرۆڤ نەکاتەوە تاکوو هەموو کاتێک گوێڕایەڵی سیاسەتی حکوومەت بێت. هەر لە سەرەتاوە فێریان دەکەن کە هەر ئایدۆلۆجیایەک بێجگە ئایدۆلۆجیای حکوومەت دژی ئایینە، سیاسەت بقەیە و تەنیا لە ڕێگای ئایین و زانستی پەتییەوە دەکرێ خزمەت بە مرۆڤ و کۆمەڵگا بکرێت. ئەگەر کاریان بە هیچ نەبێت و تەنیا سەرنجی ئایین و باری زانستی خۆیان بدەن ئەوە دەگەن بە هەموو شت و کار و ژیانی باشیان دەبێت و بێ کێشە دەژین.

> خوێندن و بە گشتی فێرکردن و بارهێنانی نەریتیی لە کوردستانی پێش مۆدێرندا سەربەخۆیانە، دڵخوازانە و هەر لەو کاتەشدا تا ڕادەیەک کوردی و زیاتر لە حوجرەی مزگەوتەکاندا بوو

جێی ئاماژەیە کە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران و سپای پاسداران ڕۆڵی گرنگیان لە جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەی سەرەوەدا گێڕاوە و تەنانەت پشکی تایبەتیان لە تاقیکارییەکانی چوونەناو زانکۆ هەبووە بۆ هەندێ قوتابی کە هاوکارییان کردوون. ئەم ڕەوتە بە دانانی بەسیجی قوتابییان و بنکەی بەسیج لە خوێندنگەکان و وانە و مامۆستای تایبەت بە ڕەوشت و بارهێنان لە خوێندنگەکاندا و بەڵێنی جۆراوجۆر بە قوتابییان زیاتر پەرەی سەندووە. لە پەنای ئەمانەشدا هەوڵ دراوە کە پەیوەندیی نێوان خوێندنگە و مزگەوت، مامۆستا و مەلا زیاتر بکرێت و قوتابییانیان هان داوە کە هاتوچۆی مزگەوتەکان بکەن و لەوێدا فێری وانەی ئایینی و بەجێهێنانی



ئەرکە ئایینییەکان بن تاکوو لە داهاتووشدا کێشەیان بۆ خوێندن و چوونەسەرکار نەبێت. واتە لە بوارێکی ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی فەرمیی حکوومەتەوە ڕەوانەی بوارێکی تری کۆنترۆڵی نافەرمی دەکرێن.

لە پەیوەندی لەگەڵ بواری دووەمدا کە بواری زانستی ئایینییە، ڕژێم هەوڵی داوە کە هەموو جۆرە شوێنەوارێکی کوردی لەسەر چاندی ئایینیی کوردستان و ڕێگاکانی تری فێربوونی کوردی و بارهێنان لە ژێر کاریگەریی چاندی کوردیدا بسڕێتەوە کە زیاتر لە حوجرەی مزگەوتەکاندا ئەو هەلە دەڕەخسا. بۆ میناک لە باری فێربوونی خوێندنەوەی قورئان، بە بیانووی ئاستەم بوونی شێوازە نەریتییەکان و بەکارهێنانی ڕێگای ساکار و نوێ، لە حوجرە، فێرگە و خوێندنگەکان هەوڵی داوە بۆ سڕینەوەی شێوازی نەریتیی فێرکردن و بارهێنانی ئایینی کە ڕەنگوبۆنی کوردیی پێوە بوو. لەلایەکی تریشەوە ڕێگای بە ڕاڤەی جیاوازی ئایینی نەداوە، جگە لەوەی کە لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای خۆی دەگونجێت.

دیارە خوێندن و بە گشتی فێرکردن و بارهێنانی نەریتیی لە کوردستانی پێش مۆدێرندا سەربەخۆیانە، دڵخوازانە و هەر لەو کاتەشدا تا ڕادەیەک کوردی و زیاتر لە حوجرەی مزگەوتەکاندا بوو. هەوڵ دەدرا کە بە شێوەی کوردی وانە بوترێتەوە و شێوازێک لە خوێندنی کوردی گەشەی سەندبوو. بۆ وێنە «ئەلف و بێ»یەک کە بۆ خوێندنی قورئان فێر دەکرا بە شێوازی کوردی بووو بە بزوێنەکان دەوترا «سەرە، ژێرە، بۆرە»، یان لە وتنەوەی پیت و دەنگەکاندا «ئەلف سەر ئە. . . ب ژێر بێ. . . ، لام ئەلف لا. . . و تاد. » لە پەنای ئەوەشدا وشەدانی عەرەبی-کوردی و. . . پەرەی سەندبوو. هەرچۆنێک بێت، خوێندنی نەریتی لە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتە ناکوردەکاندا نەبوو و لە حوجرەی مزگەوتەکاندا چالاکییەکی سەربەخۆیانە هەبوو. بۆیە لە چوارچێوەی بیری ئایینیدا، باس و ڕاگۆڕکێ لەسەر پرسە هزری، نەتەوەیی و سیاسییەکان، جموجووڵی تایبەتی لە حوجرەکاندا هەبوو و بە جۆرێ گرنگایەتی دەدرا بە شوناسی کوردی.

ئەو دۆخەی خوێندنی نەریتی، کاریگەریی ئەرێنیی هەبوو. توێژی مەلا و فەقێیەکان لە پەرەسەندنی وێژە و سیاسەتی کوردیدا بەشداریی گرنگیان هەبوو و تەنانەت لە پێکهاتنی گیانی کوردایەتی لە سەرەوەی چین و توێژ و هۆز و خێڵەکاندا ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا. زۆرێک لە وێژە و دەقی کوردی

بەرهەمی چالاکـــی و خزمەتی مەلاکان بووە هەر لە جزیری، خانی، مەولەوی، مەحوی و. . . تاکوو ئەو سەردەمەی خۆمان. هەروەها لە کۆتاییی ســـەدەی نۆزدەوە، زۆرێک لە مەلا و شێخەکان بەشداریی سیاسەتی کوردی بوون و زۆر جـــار ڕێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیان لە ئەستۆ بووە. بەوەشەوە وێرای ئەو کاریگەرییە ئەرێنییـــە، لە مێژوودا و تاکوو ئێســـتا تاقمێ لەم توێژە دیارە لە بواری سیاســـەتدا لە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ئایینیی دەوڵەتەکان و نائاگاییی سیاســـیدا کاریگەریی نەرێنییان لە دژی کورد هەبووە هەر لە شـــێخ ئیدریســـی بتلیســـی ڕاوێژکاری ســـوڵتانی عوسمانی لە سەدەی ۱۶ و دواتر مەلای خەتێ لە سەدەی ۱۹ بگرە تاکوو مـــەلا حکوومەتییەکانی ئەم ســـەردەمە کە کەوا ســـووری بەر لەشـــکر و داردەستی دوژمنانی کورد بوون.

شـــێوازی نەریتیی فێرکردن و بارهێنانی سەربەخۆیانە، واتە خوێندنی ئایینی، بە زاڵی تاکوو نیوەی دووەمی سەدەی بیست درێژەی هەبوو و دواتـــر بەرەبەرە دابـــەزی، گەرچی تاکوو ئێستاش لە هەندێ شوێنی کوردستاندا هەڵبەت زۆر بـــە لاوازی ماوەتەوە. بە هاتنی ڕەوتە نوێیە ئیسلامییەکان و بەتایبەت پاش شۆڕشـــی ۱۹۷۹ و ســـەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیســـلامی لە ئێران، هـــەوڵ درا بە تەواوی فێرکردن و بارهێنـــان بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەت. ئەمەش لـــە تایبەتمەندییەکانی ڕژێمـــە تەواوەتیخوازەکانـــە. دیـــارە وەک ئاماژە کـــرا هەموو دەوڵەتـــەکان بە جۆرێک لـــە سیســـتەمی «فێرکـــردن و بارهێنان» و هەروەها ڕاگەیەنەکان، وەک ئامرازگەلێک بۆ بەکۆمەڵگاییکردنی سیاســـیی خەڵک کەڵک وەردەگـــرن. بەڵام لـــەم دەوڵەتانـــەدا وێرای ئـــەوەی کـــە شـــێوازەکەی نادێمۆکراتیکە و هیچ دەرەتانێکی کـــراوە بۆ چالاکیی فەرمی و نافەرمیـــی لایەنەکانی تـــر و بیری جیاواز ناهێڵێتەوە، بە مەبەستی دژە مرۆیی جێبەجێ دەکرێت. لەو ئاراستەیەدا حکوومەتی ئیسلامی لە بەرانبەر بزووتنەوەی نەتەوە جیاوازەکاندا، بە توندی تیشـــکی خستە سەر ئەو ئامرازانە. سەرەتا سەربەســـتیی ئەوانەی لێ سەندنەوە و دوایـــی بـــە هەموو هێزەوە لـــە ڕاپەڕاندنی سیاســـەتی «گۆڕین بە فـــارس»ی خۆیدا ئەو ئامرازانەی بە شێوەی پاوانخوازانە بەکارهێنا. بۆ ئەو مەبەستەش زۆرترین کەڵکی لە ئایین وەرگـــرت کە بە ئاســـانی وەک ئایدۆلۆجیای حکوومەت ڕۆڵی سیاسی گێڕاوە.

لـــە ڕێـــگای جۆراوجـــۆرەوە هـــەوڵ درا چالاکیـــی ئایینی کـــە کاریگەریی گرنگی لە بەکۆمەڵگاییکردنـــی تاکی کـــورددا هەبووە لە هەموو شـــێوازێکیدا بخرێتـــە ژێر ڕکێفی حکوومـــەت. بـــەم جۆرە نـــە تەنیـــا بواری خوێندنـــی فەرمی، بەڵکو ڕژێمی ئیســـلامی، بـــە یەکدەســـتکردنی خوێندنـــی ئایینیش، زیاتر کوردســـتانی گـــرێ داوە بە ناوچەکانی دیکەوە. لە قۆناخی پاش شۆڕشـــدا کە زیاتر خوێندنـــی مۆدێرن لە کوردســـتاندا پەرەی ســـەندبوو، ڕژێم هەوڵی دا هەم مزگەوتەکان و هـــەم خوێندنگـــەکان بکات بـــە ناوەندی پەرەپێدانـــی ئایدۆلۆجیـــای ئێرانی-فارســـی داپۆشـــراو بە ئایین. لە پەنای ئەوانەشـــدا بە جێگەی حوجرە، هەندێ خوێندنگەی سەر بە «ناوەندی گەورەی ئیسلامیی ڕۆژئاوای وڵات» (مرکز بزرگ اســـلامی غرب کشور) پەرەیان پـــێ دراوە و لەوێدا بە شـــێوازی نوێی دوور لە نەریتی کوردەواری و بە شـــێوەی فارسی، وانەکانی زانســـتە ئیسلامییەکان دەوترێنەوە. هەروەها بەرەبەرە لـــە مزگەوتەکاندا بنکەی بەســـیج دانرا و بوون بە شـــوێنی چالاکی و بۆنەی حکوومەتی و لـــەو ڕێگایەوە کۆنترۆڵ کردنی هەموو چالاکییە ئایینییەکان.

هەموو مزگەوتەکان و ناوەندە ئایینییەکان لە چوارچێـــوەی ئەوقاف و ناوەندی گەورەی ئیســـلامیی ڕۆژئـــاوای وڵات، ڕێکخـــراون و ئاراســـتە کراون. لە هەژاریـــی ئابووریی مەلا

و زانایانی ئایینیی کورد کەڵکی نالەبار وەرگیراوە و بۆ گرێدانیان بە ڕژێمەوە سووکە مووچەیەکیان بۆ بڕاوەتەوە کە بەرنوێژی و کاروباری ئایینیی مزگەوت و گەڕەکەکان جێبەجێ بکەن. لە نائاگاییی سیاسیی ئەو توێژە و تەشەنەی کۆمەڵایەتیی ئەوان بە تەواوی کەڵک وەرگیراوە. ئەمانە بارهێنراون کە جگە لە هەڵگوتن بە باڵای ڕژێمدا، لە هەرجۆرە باسێکی سیاسیی تر خۆ بپارێزن. فێر کراون باسێک لە مافی نەتەوەییی خۆیان نەکەن و لە هەر کوێدا باس کرا بڵێن کە ئەوە دژە ئایینە و لە ئاییندا هەموو بەرابەرن. ئیدی سەرنجی باسی مافی بەرابەری نەتەوەکان نادەن و ئاماژە بە ئافراندنی مرۆڤ لە شێوەی نەتەوە و زمانە جیاوازەکان و... ناکەن و لەخۆیان ناپرسن کە ئەگەر لە دژی ئایینە بۆ حکوومەتی بە ناو ئیسلامیی ئێران، ئەو هەمووە زمانی فارسیی بۆ گرنگە و تەنیا سەرنجی یەک نەتەوە و زمان دەدات و زۆر پرسی تری لەو چەشنە. هەرچۆنێک بێت ئەو توێژە لە مەلایان، زۆرێکیان ئاگایانە و نائاگایانە سیاسەتی حکوومەت لە ناو خەڵکدا جێبەجێ دەکەن. لە پەنای ئەمانەدا هەندێ کەس لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا وەک مامۆستای قورئان، ئەخلاق و... کە لەلایەن ناوەندە حکوومەتییەکانەوە لەوانە سپا و بەسیج بارهێنراون، ڕوانەی مزگەوتەکان دەکرێن و کاری فێرکردن و بارهێنانی ئایینیی منداڵانی کورد دەخرێتە ئەستۆیان. بۆیە بەرەبەرە خوێندن و فێرکردن و بارهێنانی ئایینی، بە ڕەنگوبۆنی کوردییەوە هەڵپێچراوە. ڕەنگ و ڕواڵەتی بۆنە ئایینییەکان لە سڵاوات ناردنێکی سادەوە بگرە تا زۆر شتی تر ئێستا جیاوازتر لە نەریتی ساڵانی زووی کوردەواری و هاوشێوەتر لەگەڵ شوێنەکانی تری ئێرانە. وەچەی نوێی ئایینی و بارهێنراوی سیاسەتی حکوومەت، لە چەند دەیەی ڕابردوودازیاتر لە چاند و نەریتی کوردەواری دوورکەوتوونەتەوە.

کەواتە ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای مێکانیزمی دامەزراوە ئایدۆلۆجیکەکانی خۆیەوە واتە ناوەندە ئایینییەکان و سیستەمی «فێرکردن و بارهێنان» لەوانە مزگەوت و خوێندنگەکان و بە ناوی ئایینەوە، چنگی خستووەتە ناو کۆمەڵگای کوردی و بە مەیلی خۆی لە نەبوونی دەسەڵاتی کوردیدا، لە باری سیاسییەوە تاکی کورد باردەهێنێت و شوناسی سیاسیی تایبەت و نامۆ بە سەریدا دەسەپێنێت. لەو ڕێگایەوە هەوڵی داوە بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگای کوردستان و کەسانێکی بارهێنراو ڕەوانەی کۆمەڵگا دەکات کە خزمەتی بەرژەوەندیی نەتەوەی باڵادەست بکەن و لە دژی بزووتنەوەی نەتەوەکەی خۆیان هەڵسوورێن. قوتابیی کورد تا دەگاتە قۆناخی زانکۆ ئەوەندە ئاگاییی نەتەوەیی-سیاسیی نییە. دواتریش بە هۆی جۆراوجۆر و بەتایبەت باری ئابووری و دەستەبەرکردنی ئیش و کار، ناوێرێت خۆی لە قەرەی بیرکردنەوە و سیاسەت بدات. لەم دۆخەدا زیاتر لە ناو نەتەوەی باندەستدا نوقم دەبێت. بەم جۆرە دەسەڵات تاکێک باردەهێنێت کە هیچ مەترسییەکی بۆ ڕژێم نییە. ئەم ڕەوتە تا ئەو دەیەیە کە پشکێکی زیاتر لە خەڵک بە هۆی پەرەسەندنی ڕاگەیەنە کۆمەڵایەتییەکان تارادەیەک ئاگادار بوونەتەوە، درێژەی هەبووە. بە سەرهەڵدانی زیاتری ڕاگەیەنە کۆمەڵایەتییەکان و دەرهاتنی هەندێ لەوانە لە ژێر ڕکێفی حکوومەت، تارادەیەک بەکۆمەڵگاییکردنی سیاسیی تاک لە دەست ڕژێم دەرهاتووە و هەندێک کاریگەریی ئەو سیاسەتە دابەزیوە. هەروەها لە لایەن دژبەرانی سیاسیی حکوومەت و ڕووناکبیرانەوە هەوڵی پووچەڵ کردنەوەی دراوە، گەرچی ڕژێم بە هەموو پیلان، پلان و شێوازێک بۆ پاراستنی ئەو شێواز و سیاسەتەی بارهێنان و تواندنەوەکار دەکات.